*Journal of Language Studies.* **Vol.VI, No.2, Winter 2023, Pages (256-269)**

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)

Journal of Language Studies

Contents available at: http://www.iasj.net/iasj/journal/356/about

# The obstacles to word formation processes in Kurdish Language

**Rabar Kakarash Said Mina** *

**Rabarin University**

**rabar.kakarash@uor.edu.krd**

**Received:** 20 /10/2022 , **Accepted:** 6 /11/2022 , **Online Published : 31 /1/ 2023**

## Abstract

Word Formation is a wide and important process in Languages. Words can be coined in various ways and forms such as coining, inventing words, blending, etc. . These processes sometimes occur according to rules, but at other times they occur while violating the existing rules. In certain cases, some phonological, semantic, and usage factors hinder the process of word formation. Besides the introduction, conclusions, and the references list, this research consists of two major parts. In the first part, morphological structures in Kurdish language are explained; syntactic and lexicographical morphemes are introduced, roots and affixes are presented. In the second section, the morphology of word formation is generally discussed, then compounding, affixation, blending, and word borrowing processes are explained. In the second part, the classification of semantic features and in the second section, the word formation processes and rules are stated. In the third section the obstacles to word formation processes are analyzed. A summary about word formation based on rules and while violating rules is presented and finally, the concluding points and the references list are provided.

* **Corresponding Author**: Rabar Kaka**, E.Mail**: rabar.kakarash@uor.edu.krd

**Affiliation**: Rabarin University -Iraq

**العوائق فی عمليه صياغه الكلمه فی اللغه الكرديه**

رابر كاكة رش سيد مينه

جامعة رابارين

**الملخص:** ان الاشتقاق عملية واسعة و هی فی غاية الاهمية اذ يمكن اشتقاق الكلمة عبر طرق عديدة مثل"(صياغة الكلمة، بناء الكلمة، تبنی الكلمة، .... الخ)"والتی قد تخضع لقواعد معينه وقد تسري دون أن تنطبق عليه قاعدا ما. اضافه الی وجود عوائق عده من الناحيه الفونولوجيه والمعنی والاستعمال.

يتكون هذا البحث – فضلا عن المقدمة والنتائج و قائمة المصادر –من مبحثين رئيسيين ، بدأ المبحث الاول بالمورفولوجی اللغه الكرديه تم التعريف بالمورفيمات المعجميه والسينتاكسيه و من ثم البحث عن مورفولوجيا اشتقاق الكلمه ، و يتناول المبحث الثانی عمليات (التركيب والتنصيب، واستعاره الكلمه)، و ثم تصنيف السيماة الدلالية ، وكذلك تناول البحث اصول و عمليات اشتقاق الكلمة ، و فی الاخير تم التعرض لعوائق عملية الاشتقاق والذی أختتم بمستخلص حول اشتقاق الكلمة وفقا و كذا دون القواعد .

**الكلمات الدالة:** اشتقاق، اللغه الكرديه، التركيب، التنصيب.

# "بەربەستەکانی بەردەم پرۆسەی وشەدروستکردن لە زمانی کوردیدا"

**م.ی. ڕابەر کاکەڕەش سید مینە**

**زانکۆی ڕاپەڕین – کۆلێجی پەروەردە- بەشی زمانی کوردی**

**پوختە**

دروستکردنی وشە پرۆسەیەکی فراوان و گرنگی زمانە دەتوانرێ بە ڕێگا و شێوازی جۆراوجۆر وشە دروستبکرێت، وەکو (وشە دروستکردن، وشە داهێنانی وشە، داتاشینی وشە...هتد)، کە ئەم پرۆسانەش هەندێجار بەپێی یاسا و هەندێك جاریش لە یاسا بەدەرن، بۆیە لەم پرۆسەیەدا هەندێجار چەند هۆکارێك لەڕووی فۆنۆلۆژی و واتا و بەکارهێنانەوە، دەبنە بەربەست لەبەردەم پرۆسەی وشە دروستکردندا.

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، بەجۆرێك کە سەرەتا لەبەشی یەکەمدا پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی لە زمانی کوردیدا ڕوونکراوەتەوە، (مۆرفێمە سینتاکسیەکان و فەرهەنگیەکان پێناسەکراون ، وشە نیشانە وەرگرەکان و وشە گەردانکراوەکان خراونەتە ڕوو ، دواتریش لەتەوەرەی دووەمدا باسی

مۆرفۆلۆژی دروستکردنی وشە بەگشتی کراوەدواتریش پرۆسەکانی (لەیەکدان و هەڵگواستنی وشە و تێکەڵکردن و وەرگرتنی وشە کراوە، لەبەشی دووەمیشدا باسی پۆلێنی سیما واتاییەکان کراوە، لەتەوەرەی دووەمیشدا پرۆسە و یاساکانی دروستکردنی وشە ، هەروەها تەوەرەی سێیەم بەربەستەکانی بەردەم پرۆسەی دروستکردنی وشە بەوردی شیکراونەتەوە، هەروەها پوختەیەك دەربارەی دروستبوونی وشە بەپێی یاسا و بەدەر لەیاسا خراوەتە ڕوو، دواتریش خاڵەکانی ئەنجام و لستی سەرچاوە بەکارهاتووەکان نووسراوە.

## پێشەکی

ناونیشانی توێژینەوەکە (بەربەستەکانی بەردەم پرۆسەی وشە دروستکردنە لە زمانی کوردیدا)، بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی پرۆسەو یاساکانی وشە دروستکردن و ئەو بەربەستانەی هاتۆتە بەردەمیان نوسراوە، هەروەها گرنگی کارەکە ئەوەیە کە لایەنی مۆرفۆلۆژی و واتاسازی کە بنەمان بۆ دەستنیشانکردنی یاسا و پرۆسەکانی وشە دروستکردن، و بەربەستە بنەڕەتیەکانی وشە دروستکردی ڕوونکردۆتەوە بە چەندان نمونەی پراکتیکی پێویست، کە لە داهاتوودا دەکری وەکو بنەمای پرۆسەی وشە دروستکردن سەیر بکرێت ،کەرەستەی نموونە بەکارهاتوەکان بە شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست(شێوەی سلێمانی)نووسراون،ڕێبازی لێکۆڵینەوەی توێژینەوەکەش وەسفی شیکارییە،لەم کارانەی بواری مۆرفۆلۆجی فەرهەنگێکی جێگیر و یەکگرتوو پێویستە هەروەها پێویستە کێڵگەی واتایی وشە کوردییەکان بەپێی سیما واتاییەکانیان دیاری بکرێت.

هەروەها ناوەرۆکی ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوە بەکارهاتووەکان لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، بەشێوەیەک لە بەشی یەکەم و تەوەرەی یەکەمدا پێکهاتەی مۆرفۆلۆجی لە زمانی کوردیدا ڕوونکراوەتەوە، (مۆرفێمە سینتاکسیەکان و فەرهەنگیەکان پێناسەکراون ، وشە نیشانە وەرگرەکان و وشە گەردانکراوەکان خراونەتە ڕوو ، دواتریش لەتەوەرەی دووەمدا باسی مۆرفۆلۆجی دروستکردنی وشە بەگشتی کراوەدواتریش پرۆسەکانی (لەیەکدان و هەڵگواستنی وشە و تێکەڵکردن و وەرگرتنی وشە کراوە، لەبەشی دووەمیشدا باسی پۆلێنی سیما واتاییەکان کراوە، لەتەوەرەی دووەمیشدا پرۆسە و یاساکانی دروستکردنی وشە ، هەروەها تەوەرەی سێیەم بەربەستەکانی بەردەم پرۆسەی دروستکردنی وشە بەوردی شیکراونەتەوە، هەروەها پوختەیەك دەربارەی دروستبوونی وشە بەپێی یاسا و بەدەر لەیاسا خراوەتە ڕوو، دواتریش خاڵەکانی ئەنجام و لستی سەرچاوە بەکارهاتووەکان نووسراوە.

**کلیلە وشەکان: بەربەست ، دروستکردنی وشە، پرۆسە، زمانی کوردی، سیمای واتایی ،داڕشتن ، داهێنانی وشە، پێکهاتەی مۆرفۆلۆجی، مۆرفێمە فەرهەنگییەکان، وەرگرتنی وشە**

## بەشی یەکەم پێکهاتەی مۆرفۆلۆجی لە زمانی کوردیدا:

### 1-1: پێکهاتەی مۆرفۆلۆجی:

مۆرفۆلۆجی بەگشـــتی ئەو ئاســـتەی زمانە، کە لە ڕۆنانی ناوەوەی فۆرمی وشـــەکانی زمان دەکۆڵێتەوە و زانیاری پێویســــت دەربارەی شـــێوازی دروستبوون و گەردانکردن و پۆلێنکردنی فۆرمە جیاجیاکانی وشە دەخاتەڕوو. یەکە بنەڕەتیەکـانی شـــیکردنەوەی مۆرفۆلۆجیش مۆرفێمن. ســـەرەڕای ئەمەش بەپێی بیر و ڕای زمانەوانان ئەم لقە ئاســـتەی زمان دەتوانرێت بۆ دوو بەشـــی بنەڕەتی پۆلێن بکرێت، ئەوانیش مۆرفۆلۆجی (گەردانکردن، و ڕۆنانی وشـــە یان فەرهەنگی)ن. **(حاتم وليا محمد،23:2016)**. جگە لەمەش دەتوانرێـت بوترێـت کە مۆرفۆلۆجی گەردانکردنی شـــێوەی جیـاجیـای لێکســـیمی وشـــەکان دیاریدەکات، بەڵام مۆرفۆلۆجی وشـــە ڕۆنان ڕێگاکانی داڕشتنی لێکسیمە تازەکانی زمان لە بنجە بنەڕەتیەکانی وشەکانی زمان پێشاندەدات.

ســـەرەڕای ئەمەش مۆرفۆلۆجی ڕۆنانی وشـــە دەتوانرێت بۆ هەردوو جۆری داڕێژراو و لێکدراو جیابکرێتەوە، کە شـــێوەی داڕێژراو شـــێوازی داڕشـــتنی لیکســـیمی تازە بەهۆی گیرکەکانەوە ڕووندەکاتەوە و شـــێوەی لێکدراویش کاری ڕوونکردنەوەی شـێوازی داڕشـتنی لێکسـیمی تازەیە لەڕێی لێکدانی دوو یـان زیـاتر لە ڕەگ یـان بنجە وشـــە پێویســـتەکـان بۆ داڕشـــتنی وشـە**(1993,33 Laurier:)**

## 1-2: ناساندنی وشە:


وشـــە دانەیەکی ناوەندی زمانە پێکهاتەیەکی هاوبەشـی نێوان هەردوو لقە ئاستی مۆرفۆلۆجی و سینتاکسیە ، بۆیە زمانەوانان بە چەقی لێکۆڵینەوەی زمـانەوانییـان دانـاوە ، جکە لەمەش لە بچوکترین دانەی واتـاداری زمـان (مورفیم) گەورەترە و خۆشـــی بچوکترین دانەی واتـاداری ئـاســـتی ڕستەسازییە، چونکە وشە بناغە و کەرەستەی خاوی پێکهێنانی ڕستەیە.

لەلایەکی ترەوە بەپێی بیری زمانەوانان وشـــە خاوەنی چەند خەســڵەتێکی زمانەوانییە وەکو (پێکهاتەیەکی فۆنەتیکی ، خاوەنی دەنگ و واتا، قەوارەی ڕێزمانیی ، لە گیرەکێك زیاتری نەبێت ، تواناى دروســـتکردنی ڕســـتەی هەبێت، بەوا تای جیاواز لە ژینگەی بەکارهێنانی زمانیدا بەپێی ژینگەی ئاخاوتن بگەیەنێ، واتا توانای بوون بە ئیدیەمی هەبێت.**(شـــەهاب شـــێخ تەیب تاهیر،25:2012)**. یاخود وشە کۆمەڵە دەنگێکی بەزار دروستکراوە کە مانایەکی هەبێت.**(وريا عمر امين، 363،2009)**

جگە لەمەش لەلایەکی ترەوە دەتوانرێ بوترێ کە مۆرفێم بچووکترین دانەی واتاداری زمانە لە فۆنێمێك یان زیاتر پێکدێت، دەورێکی لە ڕێزمانا هەیە، هەروەهـا چوار تـایبەتمەنـدی هەیە ئەوانیش (خـاوەنی قـاڵبێکی فیزیـاییە ، مـانـای هەیە ، ڕۆڵی لە ڕێزمـانـدا هەیە، بەلێکجیـاکردنەوەی فۆنێمەکانی مانا بنجیەکەی دەگۆڕێت یان نامێنێت)**(هەمان سەرچاوە، 365)**

ســـەرەڕای ئەمانەش بەگشـــتی مۆرفێم دەتوانرێت بۆچەند جۆرێك پۆلێن بکرێت، وەکو مۆرفێمە (فەرهەنگی و ســینتاکســیەکان) **(محمد معروف فتاح و سەباح ڕەشید، 2006، 29)**، هەروەکو لەم هێڵکاریەی خوارەوەدا دیارە :

مۆرفێم



(

(Katamba.F&stonham.J,( 2006,43)

**1-3-1:مۆرفێمە فەرهەنگییەکان:** بەشـــە ئاخاوتنەکانی ( ناو، ئاوەڵناو ، ئاوەڵکار ، پێشـــناو ، کردار) وەك کەرەســـتەی فەرهەنگی لە پرۆســـەکانی لێکدانی وشـــە و لکاندندا وشـــەی نوێ (داڕێژراو و لێکدراو) دروستدەکەن، مۆرفێمە سەربەستەکانیش لە زماندا کاتیکۆری لێکسیکییان پێدەوترێ کە ئەوانەش بەهۆی لاگر(پێشگر و پاشگر)ە زمانیەکانەوە وشەی تازە دروستدەکەن و بە مۆرفێمی فەرهەنگی ئاستی مۆرفۆلۆجی دادەنرێن.

**2-3-1: مۆرفێمە ســـینتاکســـیەکان:** ئەو مۆرفێمانەش بەهۆی پرۆسەکانی داڕشتنی وشەوە (لێکدان و لکاندن) لەپرۆسەی شکانەوەی وشەدا کاردەکەن **(محمد محوی، 2010، 53)**، کە شکێنەرەوەکان هەموو ئەو فۆرمە مۆرفۆلۆجیانەن کە شـــێوە و ئەرکی ســـینتاکســـییان هەیە و چەمکەکانی (ناســـراوی و نەناســـراوی، ژمارە(تاك و کۆ)، توخم ، ڕەگەز ، تـاف، ڕێژە ، ڕووکـار ، ....هتـد)دەگرێتەوە.**(بڕوانە: ئەبوبەکر عومەر قـادر : 2003، 28).** ئاشـــکرایە کە مۆرفێمە شـــکێنەرەوەکان بە ئامادەکراوی بە شێوەی جەمسەرگر یا ناوبەند لە فەرهەنگدا دەبینرێن، بە تەنها دەرناکەون و واتایان نییە، بەڵکو پەیوەســـتن بە جەمســـەری وشـــەکانەوە و لە فرێز و ڕســـتەدا بە ئەرکی ڕێزمانیی جیاواز دەردەکەون.**(یارا قادر حمد، 51،2011).** بۆیە ئەو وشـــەیەی کە میوانداری نووســـەک دەکات و نوســـەک لەپاڵیدا دەحەوێتەوە دەڵێن میواندار، لەبەرئەوەی بە شێوەی کاتی پێوەی دەنوسێت و خێرا جێ دەگۆڕێت. **(شهاب طيب طاهر،253:2020) .**

لەلایەکی ترەوە پێویســـتە ئاماژە بەوە بدرێت کە مۆرفێمە ڕێزمانیەکان وشـــەکانی زمان دەشـــکێننەوە، فۆرمە وشـــە دروســـتدەکەن ، وشـــە شـــکاوەکانیش بەهۆی شـــکاندنەوەیان (وشـــە نیشـــانە وەرگرەکان ، وشـــە گەردانکراوەکان )دروســـت دەکەن. بەڵام ئەوەی جێی تێڕامانە لێرەدا ئەوەیە کە مۆرفێمە شـــکێنەرەوەکان ژمارەیان لە مۆرفێمەکانی هەڵگوازتن کەمترە و بە بەشـــێك لە فۆرمە نوێیەکە هەژمـارنـاکرێن.**(محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕەشید قادر ، 50، 2006).**

1. **وشە نیشانە وەرگرەکان(چەماوەکان):** ئەمانە بە شێوەی مۆرفێمە وشە داڕێژەکانی (پێشگر و پاشگر) دەردەکەون ، بەزۆری بە شێوەی (ناو ، جێناو ، ئاوەڵناو)دروست دەبن.

أ. مۆرفێمەکانی شـکاندنەوەی ناو: نیشـانەکانی ناسـراوی و نەناسـراوی و ژمارە (تاك و کۆ) و ئەلەمۆرفەکانیان.بۆ نموونە :

منداڵەکە /منداڵێك هات.

میوانەکان ڕۆیشتن.

ڕاوچیەکان ماسیەکەیان هێنا.

ب. **مۆرفێمەکانی شکاندنەوەی ئاوەڵناو (- تر ،- ترین):** پلەی بەراورد و باڵای نێوان دوو کەس یا دوو شـــت ، یا دوو د یاردە بە ئاوەڵ ناوە کان دەبەخشــن و شــوێنیان کۆتایی ئاوەڵناوە.**(ئەبوبەکر عومەر قادر، 2003،41)**. وەکو:

هەوراز لەڕێستوون چاکترە.

مێوژ خۆشترین خواردنە.

جگە لەمانەش مۆرفێمی (- تر)دەچێتە سـەر هەندێ ئاوەڵناو کە لەڕســتەدا ڕۆڵی ئاوەڵکردار دەبینن، یان لەگەڵ هە ندێ ئاوەڵکرداردا د ێت کە وا تای دووبارە پێشان دەدات. وەکو:

ماڵی بەرهەم لە خوارترە.

ئەمڕۆ پێشتر وانەی کوردیمان خوێند.

مۆرفێمە کانی خســـتنە پاڵ و خاوەنێتی ( - ی ، - ە): دوو مۆرفێمی تری بواری ســـینتاکســـن و ئەرکی ســـینتاکســـیی نێوان ناوی دەرخراو و دەرخەرەکەی ڕێکـدەخەن، لە ڕســـتەدا دەبن بە بەشـــێـك لە پێکهـاتەی دەرخەرەکە.وەکو:

سەربازە ئازاکان ڕۆیشتن.

میوانەکانی ئێوە بۆ سەیران دەچن.

لە ڕووی خاوەندارێتییەوە هەندێ لە جێناوە لکاوەکان ڕۆڵی خاوەنێتی وەکو دەرخەری ناوی پێش خۆ یان دەبینن، لە ڕێز مانی کورد یدا بە کلیتـیك یان نووسـەك ناسراون.وەکو :

برام ، برامان ، برات ، براتان ، برای ، برایان....هتد

**پ. مۆرفێمە کانی بانگکردن:** دەچنە ســـەر ناوی گشـــتی و لەگەڵ بانگکردندا جۆری ناوەکەی پێش خۆیان دیاریدەکەن ، وەکو مۆرفێمەکانی( -ە ، -ۆ) بۆ تــاکی نێر،(-ێ ، -ە) بۆ تــاکی مێ (-ینە) بۆ کۆی نێر و مێ و دوولایەن.وەکو :

مامە ، خاڵۆ

پورێ ، خوشکێ ، خوشکە

کچینە ، خوێندکارینە....هتد

**ج. پێشـــناوەکان:** پۆلێکی فەرهەنگیی داخراون لە دوتوێی فرێزی کاریدا، فرێزی بەند دروستدەکەن و دەبنە سەری ڕێزمانیی فرێزەکانیان لە ڕاستەوە بۆ چەپ حوکمی نــاو یــا جێنــاوەکەی دوای خۆیــان دەکەن واتە ڕۆڵی سینتاکسیی بە ناو یان جیناو یاخود ئەو کەرەستەیەی کە حوکمی دەکەن دەبەخشـــن، کە ئەوانیش پێشـــبە ندە کانی (بۆ ، بە ، لە ، ە ، تا ، بێ) دەگرێتەوە.وەکو :

منداڵەکە نانی بە کەوچك خوارد. /بە/ -

پیاوەکە کەوتە ئاوەکەوە. / - ە/

میوانەکان بۆ گەشت چوون. /بۆ/ -

**1. وشـــە گەردانکراوەکان:** کردار چەند توخمێکی تایبەت بە خۆی هەیە ، کە مۆرفێمە شـــکێنەرەوەکانی کردارن، ئەمانە کردارەکان گەردان دەکەن، بە مۆرفێمە کانی گەردانکردن ناســـراون **(محەمەد مەحوی، 2011: 148).** بریتین لە تاف(tense)، ڕووکار (Aspect) ، ڕێژە.(Mood)

**أ. تاف:** مەبەســـت لە کاتی ڕێزمانییە نەوەکو کاتی ئاســـایی (Time) لە ڕێزمانی کوردیدا ڕابردوو و ڕانەبردوو(داهاتوو، ئێســـتا) دیاریکراون و مۆرفێمە شکێنەرەوەکانی کردار دەنوێنن، کاتی ڕابردوو مۆرفێمەکانی کات / - ا ، - ت ، - د ، - و ،-ی/دەیـانوێنن و قەدی کردار دروســـتـدەکەن، بەڵام کـاتی ڕانەبردوو مۆرفێمی /دە -/ دەچێتە سەر ڕەگی کردار و کات دیاریدەکات.

لەلایەکی ترەوە دەتوانرێ بوترێ کە لە کاری بکەر نادیاردا مۆرفێمی / - ا /بۆ ڕابردوو ، بۆ کـاتی ڕانەبردووش مۆرفێمەکـانی /دە - / و /- ێ یـان - ێـت/ بەکاردێن. وەکو لەم نموونانەدا دیارە :

ناردم نێررا

دەنێرم دەنێررێت

**ب. ڕووکار:** ئەم مۆرفێمانەن کە ماوەی ڕوودانی کات بە تەواوبوون یان تەواو نەبوون پێشـــان دەدەن، هەروەها جیان لە مۆرفێمەکاتی کات (Tense)، لە ڕێزمانی کوردیدا چەند جۆرێك دیاریکراون: وەکو :

1. مۆرفێمی /دە - / لە گەڵ کاری ڕابردووی بەردەوام و کاری ڕانەبردوودا دێت، دەچێتە سەرەتای کردار و سەرەتای دەستپێك دەنوێنێت، وەکو:

ئەکەر تۆ هاتیت ، من وانەکەم دەنووسی. ڕابردووی بەردەوام (هەواڵگەیاندن)

پارەکە دەبرا. ڕابردووی بەردەوام (بکەر نادیار)

ئەوان دووکانەکە دەفرۆشن. ڕانەبردووی هەواڵگەیاندن.

دووکانەکە دەفرۆشرێت. ڕانەبردووی بکەر نادیار

2. /-ووە ، - وە/: ڕوان تاکاتی ئاخاوتن دیاریدەکەن ، یاخود بەســـتنەوەی ڕابردووە بە ئێستاوە. وەکو

کارم کردووە.

کارەکە کراوە.

2. /- ەوە ، -وە/: وا تای دوو بارە بوونەوەی ڕووداو دەگەیێنن ، شـــوێنیان کۆتایی کارە.

نەوزاد هاتەوە.

ئەو کتێبەکەی هێناوە.

**ت.ڕێژە:** پێوەندی حاڵت و کردەی کارەکە لەلایەن کارەوە دەردەبڕدرێت، بە ژینگەی قەسـەکردنی قسـەکەرەوە دەبەسـترێتەوە ، واتە ئەو واقیعەی کە قسەکەر ئاماژەی بۆ دەکات. **( شیلان عومەر حسێن ، 2012: 61).** هەستی قســـەکەر بەرانبەر ڕاســـتی ڕوودانی کار دیاریدەکات، لەڕووی ڕووداو و ڕوونەدانی کارەوە، ڕێژەی دڵنیایی و گومان و داخوازی و فەرمان و دانانیی بەهۆی مۆرفێمە شـــکێنەرەوەکانەوە لە ڕســـتەی بکەر دیار و بکەر نادیاردا دیاریکراون.**(محەمەد مەحوی ،2011: 209 ).** جا شـێوەی داڕشـتنی کارەکە

ئەرێ /کردن ، یاخود نەرێ /نەکردن بێت ، هەروەها دانانی لە ئەرێدا بە پێشگری / بـ -/ وە ، لە نەرێدا بە پێشگری /نە - / دەردەبڕرێت.

سەرەڕای ئەمانەش شێوەی کاری داخوازی و فەرمانیش بە کردن /ب/ ، بە نەکردن/مە/ ، ڕێژەی هەواڵیش لە کاردا بە کردن مۆرفێمەکەی دەرناکەوێت، شێوەی نەکردنیش بۆ ڕابردوو /نە / ، بۆ ڕانەبردووش /نا /دەبێت. بۆ نموونە:

ئێمە وانەکەمان خوێند. ڕابردووی بکەر دیار

ئێمە وانەکە دەخوێنین. ڕانەبردووی بکەر دیار

وانەکە خوێنرا /دەخوێنرێ. ڕابردووی بکەر نادیار یان ڕانەبردووی بکەر نادیار

شێوەی مەرج ، خۆزگە و دانانی :

ئەگەر وانەکەتان خوێند / یان نەخوێند، تاقیکردنەوەکە دەکەین. (مەرج)

بریا وانەکەتان لە قوتابخانە بخوێندایە / نەخوێندایە. (دانانی)

شێوەی فەرمان و داخوازی:

وانەکە بنووسە/ مەنووسە (فەرماندان)

ئەرك نەبێت نانەکە دەخوێت/ ناخۆیت . (داخوازی)

تکایە نانەکەت بخواردایە /نەخواردایە. داخوازی شێوەی ئیلزامی (دانانی)

سەرەڕای ئەم مۆرفێمانەی کە خرانەڕوو ، هەندێ مۆرفێمی تر بەتایبەتی مۆرفێمەکانی ( کات و کەس) بەشداری لە داڕشتەی کاردا دەکەن ، مۆرفێمەکانی کات باسکران ، بەڵام مۆرفێمەکانی کەس بەهۆی جێناوە کەسییە لکاوەکانەوە دەنوێنرێن و بە نووسەك ناسراون.**(ئەبوبەکر عومەر قادر، 78:2003)**. ئەوانیش دەکرێن بە دوو کۆمەڵەوە، کە لە دابەشبوونی تەواوکەرانەدان و بە کلیتیکی ڕێککەوتن ناسراون.**(وریا عومەر ئەمین ، 2009: 34، 91)**. کۆمەلەکانیش بریتین لە : (م – مان ، ت – تان ، ی- یان) هەروەها (م – ین ، - ت/ - یت – ن ، - ات/ ێت ، - ن).

## بەشی دووەم:پرۆسە بنەڕەتییەکانی دروستکردنی وشە:

### 1-2:مۆرفۆلۆجی وشەدروستکردن :

کردەی دروستکردنی وشە لە چۆنیەتی داڕشتن و یاسا بنەڕەتیەکانی شێوازی دروستبوونی وشە جیاجیاکانی زمان دەکۆڵێتەوە.**(ئەورەحمانی حاجی مارف، 21:1977)**.

لەم لقەی زانستی زماندا تەنها گرنگی بە لایەنی توێژینەوەی ڕێزمانی وشەکان و شێوازی دیاریکردنی بەشە پێکهێنەرەکانیان نادرێت، بەڵکو ئەم پرۆسەیە بەرفراوانە و بە پرۆسەیەکی بایەخداری لێکسیکۆلۆژی دادەنرێت، هەروەها وشە پێکهاتووەکانیش بۆ پێکهێنەری سەربەخۆ و ناسەربەخۆ پۆلێن دەکرێن، لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە لێکسیکەکان بەپێی یاسا مۆرفۆلۆجیەکانی بواری دروستکردنی وشە شیدەکرێنەوە و ڕێزمانیش مامەڵە لەگەڵ یاسابەندێتی دروستکردنی دەربڕینە نوێیەکاندا دەکات، کە بە داهێنەریی (Creativity) ناسراوە. **(محەمەد مەحوی ،45:2010)** .

ئەوەی ئاشکرایە لێرەدا ئەوەیە کە بایەخی زۆر بە بواری نیشاندانی شێوازی داڕشتنی وشەکان و دروستبوون و دیاریکردنی مۆرفێم و کەرتەپێکهێنەکانی دەدرێت.**(ئەورەحمانی حاجی مارف،21:1977)**

لە ئەنجامدا بەهۆی دیاریکردنی شێوازی دروستکردنی وشەکان و ڕیزبوونی پێکهاتەکانیانەوە دەتوانین وشەی نوێ لە زماندا دروست بکەین.
کەواتە دەتوانرێت بوترێت کە پرۆسەی وشە دروستکردن لقێکی گرنگی زانستی زمانە کە تێیدا ئەو تەرزە وشانە پێکدەهێنرێنەوە و پەسەند دەکرێن کە بە لەبەرچاو گرتنیان دروستەی ناوەوەی وشەکانی زمان ، واتە ئەو جۆرە وشانەی کە پێشتر لە زمانی کوردیدا ڕۆنراون و وشە نوێکانیشی پێ دروستدەکرێن. **(محەمەد مەحوی ،45:2010).**
سەرەڕای ئەمانەش لەلایەکی ترەوە هەندێ زمانەوانی تری بواری مۆرفۆلۆجی پێیان وایە، کە لەکاتی دروستکردنی وشەی نوێدا پێویستە پێرەوە مۆرفۆلۆجیەکانی ئەو زمانە دیاریکراوە بدۆزرێتەوە کە کاری تێدادەکرێت.**(بێستون حسن احمد،33:202)**
واتە بەمەبەستی دروستکردنی وشە نوێیەکانی زمان پێویستە بەباشی شارەزای هەردوو پرۆسەی گرنگی لکان و لەیەکدانی زمانەکە بین، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە ئەو مۆرفێمانەی کە لە وشەیەکدا شیدەکرێنەوە، لە دەرپراو یان وشەی تردا بەهەمان واتا بەکارهێنرابن. (83 ,(**1981**) **Stage**).
**berg,N.C,**
بۆ نموونە وشەی **(**گوڵفرۆش) کە لە دوو پێکهاتەی واتادار پێکهاتووە کە وشەی (گوڵ) ناوێکە بۆ جۆرێکی ڕووەك ، دووەمیان ڕەگی کاری (فرۆش) لە کاری (فرۆشت)ەوە وەرگیراوە.جگە لەمەش ئەوەی لێرەدا پێویستە بوترێت کە پێویستە وشەی (گوڵ) لە ژینگەی زمانیی تردا دووبارە بێتەوە، وەکو وشەکانی: (گوڵە باخ ، گوڵدان) ، واتای گوڵ لە هەردوو نموونەکەدا دەبینرێت، لەلایەکی ترەوە دەربارەی ڕەگی کاری (فرۆش)یش دەتوانرێت لە وشەکانی (کتێب فرۆش، ئاو فرۆش) ببینرێت ، کە بە واتای کەسی فرۆشیاری کتێب و ئاو فرۆش دێن.
ڕاستییەکی دیکەی ئەم بوارەش ئەوەیە کەتەنها ئەو جۆرە وشانەی کە لە مۆرفێمێك زیاتر پێکهاتوون ، شێوە و یاسای ڕۆنان یان دروستەی مۆرفۆلۆجییان هەیە ، ئەگینا وشەی تاك مۆرفێمی دروستەی مۆرفۆلۆجیانەی نییە.**(ساکار ئەنوەر حەمید،9:2009)**.شایەنی باسە ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە زمانی کوردی تەنها دوو پرۆسەی (لەیەکدان) بۆ دروستکردنی وشە لێکدراوەکان و (لکاندن) بەمەبەستی وشەی هەڵگوێزراو لە زمانەکەدا هەبن ، بەڵکو دروستکردنی وشەی نوێ بەپێی ڕای تازەی زمانەوانانی بوارەکە چەندان ڕێگەی تازەی هەیە، لەبەرئەوەی قسەکەر ناخودئاگا زمانەکەی بە داهێنەریی بەکاردێنێت، هەروەها دەتوانێت هەردوو یاسای دروستکردنی وشەی تازە و یاسا ڕێزمانیەکانی مۆرفێمەکانی شکاندنەوە لەسەر وشە بەهەمهاتووەکان پەیرەو بکات، کە پێشتر نەبینیونی و نەبیستوونی ، یاخود سوود لە وشە داهێنراو یا خوازراوەکانی زمان ببینێت. بۆ نموونە : کۆی ناوێکی وەکو (ڤیدیۆ ، یان مۆبایل) یاخود ناساندنی بە مۆرفێمی بەندی ڕێزمانی/- ەکە/ دەبێتە /ڤیدیۆکە ، مۆبایلەکە/.

یاخود دەتوانرێت بەهۆی مۆرفێمی گۆڕینی کاری تێنەپەڕ بۆ تێپەڕ، کاری تێنەپەڕ لە ناوی دەنگە سروشتیەکان بەهەمان مۆفێم /- اند/ دروستبکرێت.**(محەمەد مەحوی،119:2010)**. وەکو:

قیژاندن ، یان گرماندن....هتد

## 2-2:پرۆسەی وشەدروستکردن لە مۆرفۆلۆجیدا :

مۆرفۆلۆجی بەگشتی ئەرکی شیکردنەوەی وشە مۆرفۆلۆجیەکان و نیشاندانی ڕێگا و ڕێسا بنەڕەتیەکانی وشە دروستکردن و وشە داهێنان و لایەنەکانی پەسەندکردنیانە،لەبەرئەوەی هەندێک پێشگر و پاشگر لە زمانی کوردیدا هەن کە لە ڕێزماندا کاردەکەن و ئەرکی سینتاکسی دەبینن، هەروەها وەکو مۆرفێمێکی وشە داڕێژیش بەشداری دەکەن و لە ئاستی واتاشدا گۆران بەسەر ئاستی وشەکەدا دێنن.**(شهاب طيب طاهر209:2022)**.

لەلایەکی ترەوە دەتوانرێت بوترێت کە بەخستنەپاڵیەك و لێکدانی مۆرفێمەکان وشە لە مۆرفۆلۆجیدا دروستدەکرێت، دواتریش بەخستنەپاڵیەکی وشەکان لەسینتاکسدا فۆرمەکەی دادەڕێژرێت و گەورەترین دانەی زمان کە ڕستەیە دروستدەکرێت.وەکو :

کتێب فرۆش ← کتێبفرۆشەکە دوکانەکەی داخست.

دار بڕ ← داربڕەکە دوێنێ لە شاخ هاتەوە.

لەلایەکی ترەوە دەتوانرێت بوترێت کە پرۆسەی دروستکردنی وشە بنەمای سەرەکی فراوانبوونی گەنجینەی وشە فەرهەنگییەکانی زمان و فۆرمە نوێیەکانی وشە داهێنراوەکانی زمانە، بۆیە دەشێت ئەوە ببینرێ کە ئەو وشانەی کە بە ڕێگای سینتاکسیی لە دروستەی ڕستەدا دروستبوون ، پێویستە بە پرۆسەی "بەلێکسیمبوون" ببن بە لێکسیم و بگوێزرێنەوە بۆ ناو فەرهەنگ و بەشێوەی وشەی فەرهەنگیی لە زماندا سەیر بکرێن. بۆ نموونە:

منداڵەکە <u>نان و چا</u>ی بەیانی خواردووە.

هیوا <u>تیر و کەوا</u>نێکی گەورەی دروستکردووە.

کەواتە ئەوە ڕووندەبێتەوە کە بەرانبەر پرۆسەکانی لکاندنی لاگرە سینتاکسییەکان (لاگرەکانی شکاندنەوە) و دروستەی سینتاکس، کە بەمەبەستی گۆکردن و لایەنی سینتاکسین ، لە دروستەی مۆرفۆلۆجیدا پرۆسەکانی داڕشتنی وشەی تازە هەن، کە هەردوو پرۆسەی لەیەکدان (بۆ وشەی لێکدراو) و پرۆسەی لکاندن (لاگرەکانی هەڵگواستن) دەگرێتەوە.**(محەمەد مەحوی، 46:2010)**. هەروەها مۆرفۆلۆجی بەگشتی ئەرکی وشە دروستکردنە لە فەرهەنگدا، سەرەڕای ئەمانەش پرۆسە مۆرفۆلۆجیەکان و شکاندنەوەی وشەکان و شێوازی ڕیزبوونیانە لەسینتاکسدا.**(بێستون حەسەن ئەحمەد ، 33:2012)**.

لەلایەکی ترەوە پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە لەگەڵ ئەوەشدا هۆکارە جیاجیاکانی وەکو پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆجیا و بازرگانی و بزوتنەوەی ڕامیاری و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی...هتد دەبنە هۆی دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگی زمان.**(ڕۆژان نووری عەبدوڵڵا،227:2013)**

بەڵام لەژینگەی کۆمەڵایەتیدا توێژەران و زمانەوانان بەگشتی بەشێوەیەکی بەرچاو بە لای ئەو دیاردە زمانیانەدا ناچن و خۆیان بە پرۆسەی بایەخداری وشە دروستکردن و زیاتریش پرۆسەی لەیەکدان و وشەی لێکدراو و هەندێکیش پرۆسەی هەڵگواستن و وشەی هەڵگوێزراو و خەریکدەکەن، کە وشە دروستکردن بەو ڕێگایانە لە زمانە ئارییەکان و ئێستای زمانی کوردیدا زیاتر ڕێگای بنەڕەتی و بەرهەمدارن. **(ئەورەحمانی حاجی مارف، 47:1977).**

**أ. لەیەکدان:** ئەم پرۆسەیە بەگشتی لە وشەی لێکدراودا ڕوودەدات، لەم پرۆسەیەدا دوو وشە یان زیاتر لەیەکدەدرێن بۆ دروستکردنی وشەیەکی نوێ ، ئەم پرۆسەیە لە هەموو پۆلە ڕەگەزە سەرەکییەکانی فەرهەنگدا دەبینرێت، بۆ هەر پۆلەڕەگەزێك چەند تەرزێکی لەیەکدان هەیە، کە بەپێی پۆلەڕەگەزەکان جیاوازن ، بۆ نموونە ئەو وشە لێکدراوانەی لە پۆلەڕەگەزی ناون شێوازی دروستبوونیان لە دوو ناو یان ناو و ئاوەڵناو دروستدەبن.**(ئەورەحمانی حاجی مارف:1979،137).** بەڵام بۆ سازکردنی ناوی کرداری پێویستە ناوێکی کرداری بەشداری دروستکردنی کردارە لێکدراوەکە بکات.

لەلایەکی ترەوە پێویستە بوترێت کە ئەو ناوە لێکدراوانەی لە لێکدانی دوو ناو دروست دەبن سەرەڕای ئەوەی کە چەند جۆرێکی جیایان هەیە زۆرجار لە لێکدانی خستنەسەر و خستنەپاڵ لەدوای لابردنی مۆرفیمی خستنەپاڵ دروست دەبن ، شوێنی ناوەکان یان وەکوخۆی دەبێت، یان دەچنە شوێنی یەکتر، وەکو (براژن، مەلا ژن) ، هەندێ جاریش مۆرفێمی خستنە پاڵ دەگۆڕێت وەکو: (پەخشانە شیعر) یاخود بەهەمان دروستەی سینتاکسیەوە دەچێتە ناو فەرهەنگەوە.**(ڕۆژان نووری:159،2013)**

لەهەندێ نموونەی تردا ناوی ئاوەڵناوی سەری ڕێزمانی وشە لێکدراوەکەیە،وەکو: (گا بەرد، ڕەشمار، ڕەشماڵ)، ئاوەڵناوەکە سەری ڕێزمانی ناوە لێکدراوەکەیە، و ناوەکەش دەبێتە سەری واتایی وشەکە، واتە ئەو ناوە لێکدراوانەی کە لەشێوەی ( دەرخەر+دەرخراو) دروست دەبن خاوەنی چەند سیمایەکی واتایین کە بەپێی بەکارهێنانیان دەستکەوتوون.وەکو: سەوزەگیا، گێلەپیاو).لە دروستەی هەندێ ناوی لێکدراویشدا، دوو ناو بەیارمەتی مۆرفێمی بەستنەوەی (ە) ناوی لێکدراو دروست دەکەن، وەکو (بەردەنوێژ، گووڵەگەنم)

**ب. داڕشتن:** داڕشتنی بنەچەوشەی نوێ بەهۆی لکاندنی گیرەکەوە دەگرێتەوە، ئاشکرایە کە گیرەك لکاندن لەهەردوو پرۆسەی داڕشتن و گەرداندا ڕۆڵی بەرچاوی هەیە، شایانی باسە کە گیرەکی وشەداڕێژ پۆلە وشەی بناغە دەگۆڕێت، دواتر بە گۆڕینی واتای بناغە ، بناغەکە دەخاتە ناو وەچەپۆلێکی تازەوە.**(سعید کەرەمی:1396،153).** بۆ نموونە :

قیرە: قیراندن      خەوتن: خەواندن

سەرەڕای ئەمەش داڕشتن ڕێگایەکی زۆر باوی زمانی کوردییە بۆ دروستکردنی وشەی تازە، بە ڕێگای گەشەسەندن و زیادبوونی فەرهەنگی وشەی زمان دادەنرێت، بەجۆرێك کە بەرهەمهێنانی دەربڕاوێکە لە دەربڕاوێکی تر ، یاخود وشەیەك لە وشەیەکەوە یاخود وشەیەکی ترەوە

وەربگیرێت.**(حاتم صالح الضامن،70:1990)**، هەروەها ڕێگایەکی زۆر باوە بۆ دەربڕینی واتای نوێ بەتایبەتی لە کێڵگەی واتایی بابەتە زانستیەکان و زانستی سەردەم و تەکنەلۆژیادا، وشەی داهێنانە نوێکان و تەکنەلۆژیاو بیرە تازەکان دەربارەی بابەتی ڕۆژ دەگرێتەوە.**(تابان محمد سعید، 42:2008).**

پ.**داتاشین:** لێرەدا دوو وشە یان زیاتر دەخرێنە پاڵ یەکتری ، بەهۆیەوە وشە و زاراوەیەکی تازە دروست دەکرێت، لەکاتی دەربڕینی وشەکەدا گۆڕانی فۆنۆلۆژی دروست دەبێت، وەکو:

پایە+ شاە = پاشا

تام +ئارەزوو= تامەزرۆ (لێرەدا دەنگەکانی همزە/ئ/ و /ا/تێچوون و شوێنگۆڕکێی دەنگەکانی /ر/ و/ز/ کراوە و دنگی / وو /گۆڕاوە بۆ دەنگی/ۆ/).

ج. **وەرگێڕان** : لەم ڕێگایەدا وشەیەك لە زمانێکی دیکەوە بۆ زمانی کوردی وەردەگێردرێت، بەهۆی یەکێك لە ڕێبازە دروستەکانی وەرگێڕانەوە. وەکو:

نقیف پاك ، غرفە ژوور

**د. وەرگرتن:** هەر لەکۆنەوە ئەم ڕێگایە ڕۆڵێکی کارای هەبووە لە پرۆسەی دروستکردنی وشەدا ، بەشێوازێك کە وشەی بێگانە لەهەر زمانێکی بەرامبەرەوە بێت وەرگیراون و کەوتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە**(ئەورەحمانی حاجی مارف ،38:1975)**.کاتێکیش وشەیەك لەبەر پێویستی و بەکارهێنانیەوە دێتە ناو زمانەوە ، بەهۆی زۆر دووبارەکردنەوەیەوە دەبێتە وشەیەکی دیار و باوی زمانەکە، لەلایەکی ترەوە بەهۆی حەزی لاساییکردنەوەی مرۆڤەوە دەبێتە هۆی وەرگرتن و خواستنی وشەی بیانی لە زمانانی بەرامبەرەوە .

## 2-2: بەربەستەکانی بەردەم پرۆسەی وشەدروستکردن:

ئاشکرایە پرۆسەکانی وشە دروستکردن بۆ سەرجەم وشەکانی زمانەکەیە، دەتوانرێت بە تەنها پرۆسەیەك چەندان وشە دروست بکرێت، ئەم پرۆسانە جۆراوجۆرن کردەی وشە دروستکردنیش پەیرەوی یاسا مۆرفۆلۆژیەکان دەکات،لە پرۆسەی وشە دروستکردندا چەند بەربەستێك هەن ، کە ئەمانەن :

1. **بەربەستی فۆنۆلۆجی:** لایەنی فۆنۆلۆجی لە زمانی کوردیدا بەکەمی دەبێتە بەربەست، لەبەردەم پرۆسە مۆرفۆلۆجیەکاندا لە مۆرفێمە شکێنەرەوەکاندا ئەلۆمۆرف بەربەستەکە ناهێڵێت**(نەرمین عومەر ئەحمەد، 20:2010)**، چونکە پاشگرەکانی وەکو (- ەوان،- وان)بە ئەلۆمۆرفی یەکتر دادەنرێن.بەمەش بڕگەی کۆتایی دەبێتە بەربەستی وشە دروستکردن.وەکو: باخ +ەوان، فڕۆکە+ەوان).

هەروەها بەمەبەستی وەرگرتنی وشەیەك لە زمانی بیانییەوە پێویستە پەیرەوی فۆنۆتاکتیك و یاسا دەنگیەکانی زمانی کوردی بکرێت، بۆ نمونە وشەی سامسۆنگ ڕاسترە لە وشەی سامسونج لە زمانی کوردیدا.

2. **بەربەستی مۆرفۆلۆجی:** بەپێی تیۆرە زمانیە نوێیەکان مۆرفیم بچووکترین دانەی زمانە کە خاوەنی واتا یان ئەرکی ڕێزمانییە**(حاتم صالح الضامن، 1989:58)**. بەڵام هەندێ بەربەستی مۆرفۆلۆجی هەن ، بۆ نموونە هەندێ جار مۆرفێمە ڕەسەنەکان جیاوازن لە مۆرفێمە بیانیەکان، دەکرێت هەندێ لاگر تەنها بەو بناغانەوە بلکێن ، کە مۆرفێمی ڕەسەنن ، بۆ نموونە

پاشــگری /-ندە/ تەنها بەو وشــانەوە دەلکێن کە وشــەی هاوبەشــی نێوان زمانی کوردی و فارسین: وەکو: بەخشندە ، باڵندە...کوشندە.
هەروەها پا شگری /-چی/ لە پا شگرەکانی تر زیاتر بەو ناوانەوە دەلکێت کە وشەی ڕەسەنی زمانی کوردی نین، وەکو چایچی ، بەڵتەچی، پینەچی.
3. **بەربەســتی ســینتاکســی:** مۆرفێمە ســینتاکســیەکان کاتێك وەك یەکەیەکی مۆرفۆلۆجی بەکاردێن ، لە دروســتکردنی وشــەی نوێدا پێڕەوی یاسا ڕێزمانیەکان دەکەن، مۆرفێمی /نە-/ لە سینتاکسدا زیاتر وەکو پێشگر دەردەکەوێت، واتای نەرێ و نەکردنی هەیە، لە وشــە دروســتکردنیشــدا واتای نەرێ دەگەێنێت.
لەلایەکی ترەوە بەوە جیادەکرێنەوە لە ســینتاکســدا بە گشــتی بە کردارەوەن، بەڵام لە پرۆســەی وشــە دروســتکردندا جگە لە ڕەگی کار زیاتر لەگەڵ ئاوەڵناودا دێن، وەکو: نەخۆش، نەزان ، نەفام...هتد
بۆ بازاڕ نەچیت. ، نەبوون....هتد
4. **بەربە ستی سیمانتیکی:** کاتێك ســەیری ســیما واتاییەکانی وشــە و لاگرەکان بکرێت ، دەگونجێت بوترێت ئەو وشــانەی دروســتدەکرێن پێویســتە لەڕووی واتاوە لەگەڵ یەکتر بگونجێن، لەگەڵ ئەوەشــدا وشــە ناســادەکان بەواتای خۆیان بەکارنەهێنراون، بەتایبەتی ئیدیەمەکان، پێوەندییان بە واتای بەشەکانیانەوە نییە.
بۆ نموونە کرداری لێکدراو کە بەشــی یەکەمی ناو بێت ، پێویســتە لەڕووی واتــاییەوە بەشـــە پێکەوەلکــاوەکــانی ڕێگە پێــدراو بن.**(یوســف شــریف ســعید،46:2013)**. بۆ نموونە (ئەزموونکردن ، گەنجکردن)، جگە لە مانەش وەکو ئەو ئەو پاشگرانەی دەچنە سەر ناو و ناوی شوێن دروستدەکەن.وەکو:
أ. کوردستان، هندستان ، تاجیکستان
ب. دارستان ، قەبرستان
پ. گوڵدان، ئاگردان ، خوێدان
ج.شاردان*، مۆمستان*، خوێستان*، گۆردان....*
لەم نموونانەدا وشــەکانی خاڵی (أ) ناوی شــوێنی وڵات دروســتدەکەن، وشــەکانی (ب) ناوی شــوێنێکی فراوان دروســتدەکەن، لەگەڵ ئەمانەشــدا وشــەکانی خاڵی (پ)ناوی شــوێنێکی بچووك و کەرەســتە دروســتدەکەن، بەڵام وشــەکانی (ج) لە زمانی کوردیدا ڕێگەپێنەدراون، لەبەرئەوەی ســیما واتاییەکانی پاشــگرەکان ڕێگە بەوە نادەن، وشــەی بەوجۆرە لە زماندا دروســت بکەن، بۆیە دەگونجێت ســیمای واتایی پاشــگرەکانی /-ســتان/،/-دان/ بەپێی بەکارهێنانیان بەمجۆرە بن: **(نەرمین عومەر،89:2010).**
-/ســـــتـــــان/(+شـــــــوێـــــــن،+فـــــــراوان،-+وڵات)
/-دان/ (-+شوێن، -+کەرەستە،- فراوان، +تێداپاراستن)
ســەرباری ئەمانەش هەندێکجار هەبوونی وشــەیەکی زمان بەربەســتی بەردەم دروســتکردنی وشــەیەکی تازەیە بە هەمان واتا، ئەمەش بە بلۆککردن ناو دەبرێت. بۆ نموونە:
لە زمانی کوردیدا دەربڕینی وشــەی (پیس) بەربەســتی بەردەم دروســتکردنی وشــەی (ناپاك)ە بە واتا فەرهەنگیەکەی، چونکە هەندێ وشەی زمان واتای ئیدیەمییان هەیە لە بەکارهێناندا بە شە پێکهێنەرەکانی

وشـــەکە بەوا تای فەرهەنگی خۆیان بە کارنە هاتوون، لەگەڵ ئەوەشــــدا پێشـــگری /نا-/ لە زمانی کوردیدا توانای دروســـتکردنی چەند وشـــەیەکی هەیە، بەرانبەر وشەیەکی تری زمان بە واتا دژەکەی .**(ساکار ئەنوەر حمید، 35:2009).**

وەکو: خۆش........ناخۆش ، ڕەسەن........ ناڕەسەن.

5. **بەربەستی ئیستاتیکی:** لایەنی جوانکاری زمان پێوەندی بە کۆمەڵ و تاکەکانیەوە هەیە، واتە لەو سۆنگەیەوە کە زمان ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتییە ، تاکەکانی کۆمەڵ ڕێکدەکەون لەسەر گۆرینی وشەیەك بە وشەیەکی تر ، کە بەڕێژەیەکی زۆر واتاکانیان لێکنزیکن، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە وشەکە یاخود بە شێکی واتاکەی نزیکە لە واتای وشەیەکی تر کە بەلای کۆمەڵەوە واتاکەی پەسەند نییە.

بۆ نموونە دەتوانرێت لە کردەی (چاودێری)یەوە ناوی چاودێر دروست بکرێت ، هەروەهـا دەتوانرێـت لە چـاوگی /چـاوگێران/نـاوی کـارای /چـاوگێر*/ دروســـتبکرێت.بەڵام بەهۆی ئەوەی ڕەگی کردارەکە لە وشـــەی چاوگێر*، لەگەڵ ئاوەڵناوی /گێر/بەواتای (لار) هاودەنگە ئەم خەســـڵەتە وشـــەی /چاوگێر/ی بلۆك کردووە، بۆیە لەبەرانبەر ئەوەش وشـــەی/ چاودێر/، دواتر ناوی ئەبستراکتی /چاودێری/ و لەویشەوە کرداری لێکدراوی /چاودێریکردن/ دروستکراوە .

## ئەنجام

**دوای ئەنجـامـدانی ئەم توێژینەوەیە گەیشـــتینە ئەم خـاڵانەی خوارەوە:**

1. بەربەستەکانی وشە دروستکردن لەنێوان وشەکاندا جیاوازە ، ئەمەش بەهۆی ڕێککەوتنی واتایی نێوان وشـــەکان ، چونکە هەندێ لە وشـــەکان ڕێککەوتنی مۆرفۆلۆجی و داڕشـــتن و فۆنۆلۆجی نـادروســـتە ، ئەمەش بەتایبەتی لە داتاشینی وشەدا دەردەکەوێت.

2. بەرەنجامی تێکەڵبوونی دروستە مۆرفۆلۆجی و سینتاکسییەکانی زمانی کوردی ، هەندێ لە پرۆســـە و یاســـاکانی وشـــە دروســـتکردن ئاشـــکارا و دیارنین، لەبەرئەوەی بەتەواوی دیارینەکراوە سەر بەلایەنی مۆرفۆلۆجین یان سینتاکسي، بۆیە بەربەست دروست دەبێت.

3. بەپێی پرۆســـە و یاســـاکانی وشـــە دروســـتکردن ، هەندێ لە وشـــە دروســـتکراوەکان ، پەیرەوی یاســـا مۆرفۆلۆجیەکان ناکەن، لەبەرئەوەی هەر پرۆسەیەك یاسا و مەرجی دیاریکراوی خۆی هەیە، بەواتایەکی تر شێوازی ڕیزبوونی مۆرفیمەکانی وشـــەدروســـتکراوەکە(پارچەکان)ی، بەپێی دروســـتە مۆرفۆلۆجیەکان ڕێگە نەدراوە.

4. هەنـدێ وشـــە واتـای پراگمـاتیکی و ئیـدیەمییـان هەیە ،بەشـــە پێکهێنەرەکانی وشەکە بە واتای فەرهەنگیی خۆیان بەکار نەهاتوون.

5. بە لەرچاوگرتنی ســیمای واتایی و لاگرەکانی وشـــە ، پێویســـتە وشـــە دروستکراوەکان ، لەڕووی واتاییەوە گونجاو بن، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە وشـــە لێکدراوە کان دوای پرۆســـەی لێکدان بە وا تای ســـیمانتیکیان بەکارنەهێنراون .

## سەرچاوەکان:

1. ئەورەحمانی حاجی مارف(1979)، ڕێزمانی کوردی ب:1(مۆرفۆلۆجی)، بەشی یەکەم (ناو)، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.
2. ئەورەحمانی حاجی مارف(1979)، ڕێزمانی کوردی ب:1(مۆرفۆلۆجی)، بەشی دووهەم (ئاوەڵناو)، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.
3. ئەورەحمانی حاجی مارف(1977)، وشە ڕۆنان لە زمانی کوردیدا،چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.
4. ئەبوبەکر عومەر قادر(2003)، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکس لە زمانی کوردی و فارسیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سلێمانی.
5. بێستون حسن احمد(2012)، کۆمەڵە وشە و پێکەوەهاتن لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.
6. تابان محمد سعید، (2008)، گەشەسەندن و پووکانەوەی گەنجینەی وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی ، سلێمانی
7. حاتم ولیا محمد،(2019)، مۆرفۆلۆجی، چ:1،چاپخانەی منارە ، هەولێر.
8. حاتم صالح الضامن(١٩٨٩)،علم اللغه، ،وزاره التعليم العالى والبحث العلمى، جامعه بغداد، مطبعه التعليم العالى.
9. ساکار ئەنوەر حەمید(2009)،وشە خواستن لە زمانی کوردیدا، کۆلێجی زمان، نامەی ماستەر ، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
10. سعید کەرەمی(١٣٩٦)، وشەناسی زمانی کوردی، دانشگاه کردستان، چ:1، سنندج.
11. شەهاب شێخ تەیب تاهیر(2012)، بنەماو پێکهاتەکانی زاراوە لە زمانی کوردیدا ، چاپخانەی کەمال ، سلێمانی.
12. شهاب طيب طاهر، جارێکی تر نوسەک لە زمانی کوردیدا، المجلات البحوث واللغات ، جامعه التكريت، Vol:4,No:1، 2020.
13. . شهاب طيب طاهر،فرە ئەرکی مۆرفێمەکانی بەندی داڕشتن لە زمانی کوردیدا، المجلات البحوث واللغات ، جامعه التكريت،Vol:5,No:3، 2022.
14. شیلان عومەر حسێن (2012)،پەیوەندی سینتاس و سیمانتیک لە ڕێزمانی کوردیدا، چاپخانەی کارۆ ، سلێمانی.
15. ڕۆژان نووری عەبدوڵلا(2013)، فەرهانگی زمان و زاراوەسازی کوردی ، چ:دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
16. محمد معروف فتاح و سەباح ڕەشید،(2006)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، بەشی ڕووناکبیری، چاپخانەی ڕوون سلێمانی.
17. محەمەد مەحوی(2010)، مۆرفۆلۆژی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان، ب:1، زانکۆی سلێمانی ، سلێمانی.
18. محەمەد مەحوی(2011)، بنەماکانی سینتاکسی کوردی ، ب:1، چاپخانەی پەیوەند سلێمانی.
19. نەرمین عومەر ئەحمەد، (2010)، بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆجی کەردیدا ، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی سلێمانی.

20. وریا عومەر ئەمین(2009)، ئاســـۆیەکی تری زمـانەوانی، ب:1،چ:2، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
21. یارا قادر مەلازادەیی (2013)، مۆرفۆســینتاکس لە شــێوەزاری کۆیەدا ، چاپخانەی کەمال سلێمانی.
22. یوســف شــریف ســعید،(2013)، وشــەســازی چالاکی لیژنەی ڕێزمان، ئەکادیمیای کوردی چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر.
23 . Stage berg,N.C,( 1981), An Introductory English Grammar, Forth Edition, printed in U.S.A .
24. Laurier Bauer (1993), English word-Formation, Cambridge University press.
25. Katamba.F&stonham.J,( 2006), Modern Linguistics Morphology.2hd.

**Resourses:**

1. Rezmany kurdy, (Noun) First Part ،(Morphology)1:B , Chapxaney awrehmany hajy marf (1979)
2. Rezmany kurdy, Adjective, Secound Part, Morphology, B:2 (1979) awrehmany hajy marf , Chapxaney kory zanyary kurd, Baghdad.
3. Awrehmany hajy marf(1977),wshe ronan le zmany kurdyda,Chapxaney kory zanyary kurd,Baghdad.
4. Abubekr omer qadr(2003),berawrdyky morpho syntax le zmany kwrdy w farsyda,namey master, Language college, sulaimanye university.
5. Bystwn hassen Aehmed(2012),komele wshe w pYkewehatn le zmany kurdyda, Chapxaney lerya, sulaimany.
6. Taban Muhammad Saeed(2008),geShesendn w pwkanewey genjyney wShe le zmany kudyda,namey master, zankoy sulaymanah, sulaymanah.
7. Hatem wlya Muhammad(2019),Morphology,Ch:1,Chapxaney mnare,Hewlyr.
8. Hatem salih Alzamn(1989),The Science of Language, Ministry of Higher Education,Baghdad University, metbehe Altealym Alaly.
9. Sakar Anwer Hemid(2009),wShexwastn le zmany kurdyda, Language college, namey master, Sallahaddyn University,Hewlyr.
10. Saeed Kremy(1396),Wshenasy zmany kurdy, danshgahy Kurdistan,Ch:1, Senendj.
11. Shahab Shyx teyb tahr(2012),Bnemaw PYkhatekany zarawe le zmany kurdyda, Chapxaney kamal,sulauimanye.
12. Shahab Shyx teyb tahr(2020), jaryky tr nwsek le zmany kurdyda,Almujellat Albhuth welluxat,Tkrit university,Vol:4,No:1.
13. Shahab Shyx teyb tahr(2022), jaryky tr nwsek le zmany kurdyda,Almujellat Albhuth welluxat,Tkrit university,Vol:5,No:3.
14. Shylan Omer Hussain(2012), Peywendy Syntax w Semantic le zmany Kurdyda,Chapxaney Karo, Sulaimanye.
15. Rozhan Nory Abdullah(2013), Ferhengy Zmanw zarawesazy Kurdy, Ch:2, Chapxaney Chwar Chra, Sulaimanya.
16. Muhammad mehruf Fetah&Sebah Reshid Qadr(2006),Chend LayenYky Morpholojy kurdy, Beshy Runakbyry ,Chapxaney Rwn, Sulaimanyah.
17. Muhammady Mehwy(2010),Morphology w beyekdachwny PYkhatekan,B:1, Sulaymanyah University, Sulaymanyah.
18. . Muhammady Mehwy(2011),Morphology w beyekdachwny PYkhatekan,B:1, Chapxaney Peywend, Sulaymanyah.

19. Nermyn Omer Ahmad(2010),beberhemy Le Morphology Kurdyda, namey master, College Of Language, Sulaymanyah University, Sulaymanyah.
20. Wrya Omer Amin(2009), Asoyeky try Zmanewany, B:1,CH:2, Chapxaney Aras, Hwelyr.
21. Yara Qadr Melazadeyy(2013)Morpho Syntax Le Shywezary Koyeda,Chapaxaney Kamal, Sulaymanyah.
22. Yusuf Sherif Saeed(2013),Wshesazy Chalaky Lyzhney Ryzman, Akadymyay Kurdy,Chapxaney Hajy Hashm, Hewlyr.
23 . Stage berg,N.C,( 1981), An Introductory English Grammar, Forth
Edition, printed in U.S.A .
24. Laurier Bauer (1993), English word-Formation, Cambridge
University press.
25. Katamba.F&stonham.J,( 2006), Morphology, Modern Linguistics,hd:2.